لە ساڵیادی راپەڕیندا کەسوکاری شەهیدان بۆ (رانیە) دەدوێن

رەپۆرتاژی: حەبیبەبابان

ئەی شەهید، ئەی نمونەی ئازایی نەڕژا
خوێنی تۆ بە خۆڕایی
ئەو لەشانەی بە گوللە دابێژران
لە دڵی پاکی میللەتا نێژران
خوێن دەدا، شتوویە ، داری ئازادی
دێ بە دوای شینی ئێوەدا شادی

شۆڕش و راپەڕینی هەر گەل و نەتەوەیەك ،بەبێ شەهید و قەربانیدانی ڕۆڵەکانی سەرناگرێت.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد،لە مێژووی پڕ سەروەری خۆیدا، هەزاران ڕۆڵەی قارەمانی بەخشیوەتە ئازادی کوردستان.

راپەڕینە مەزنەکەی ئازاری ١٩٩١ کە بڵێسەکەی لە رانیەوە هەڵگیرسا،بەخوێنی ئاڵی چەندەها تێکۆشەرو پێشمەرگەی چاونەترس گەیشتە ترۆپکی سەرکەوتن.

لە پاککردنەوەی مۆڵگەو بارەگا جیاجیاکانی ڕۆژێمی بەعسی رووخاو لەناو شاری رانیەدا، ژمارەیەك لە ڕۆڵەکانی ئەم شارە بە پلەی بەرزی شەهادەت گەیشتن.ناوی پیرۆزی ئەو شەهیدانە تاجی ئەڵماسن بەسەری راپەڕینەوە،ئەوان بوون نەیانهێشت ئالای راپەڕین بنەوێ،ویستیان پاککردنەوەی رانیە لە دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی دوژمن، ببێتە ڕێخۆشکەرێك بۆ رزگارکردنی تەواوی شارەکانی کوردستان.

هەر وایش بوو، دوابەدوای ئازادکردنی رانیە ،راپەڕین سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە بەشاری کەرکوکیشەوە.ئێستا کە (١٣)ساڵ بەسەر راپەڕینە شکۆدارەکەی گەلەکەماندا رادەبرێت،

-ئاخۆ تا چەند توانیومانە گیانی ئەو شەهیدانە ئارامو ئاسوودە بکەین؟

-ئاخۆ کەسوکاری سەربەرزی ئەو نەمرانە،تا چەند خۆشحاڵن بە بینینی ئەو دەسکەوتانەی کە براو کوڕو هاوسەرەکانیان لە پێناو بەدەستهێنانیاندا خوێنیان بۆ رشت؟

-ئاخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان،تا چەندپاداشتی فیداکاری و لە خۆبردوویی ئەو شەهیدانەی داوەتەوە؟

هاوڵاتی(عەباس مەحمود حەمەئەمین) برای شەهید عەزیزە بچکۆل:

کاتێك دەستکەوتەکانی ئەمڕۆی گەلەکەم دەبینم، تەواو دڵم سەرفراز و ئاسودەیەو، هەست دەکەم کە خوێنی ئەو برایەم بە فیڕۆ نەچووە.

هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا .کورد بەتەواوی مافە نەتەوەیی و شەرعیەکانی خۆی شادبێت و،بۆ تا هەتایە لە ژێر سێبەری ئەو درەختەدا بحەسێینەوە کە دەیان ساڵە ڕۆڵەکانمان بەخوێنی ئاڵی خۆیان ئاوی دەدەن.

بەڵام وەك برای یەکەم شەهیدی راپەڕین،ئەو مافە بەخۆم دەدەم کە گلەیی ئەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم،وەك پێویست لای لێ نەکردووینەوەو،وەك پێویست دەستی هاوکاری بۆ خێزانەکەی درێژ نەکردووە.

لای هەموو لایەك ئاشکرایە کە بنەماڵەکەی ئێمە تا چەند دەرویشی رێگای کوردایەتی بووینەو لە پێناو ئازادی کوردستانداچەندەها باجمان داوە.لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکەین پشتگوێ خراوین و بایەخێکی ئەوتۆمان پێنەدراوە لەلایەن حکومەتە ئازیزەکەی هەرێمەوە.

هاوڵاتی(گوڵناز محمد عبدالله) دایکی شەهید (مستەفا رەسول):

من کە کوڕێکی ئازیزو خۆشەویستم پێشکەش بە بووکی ئازادی کوردستان کردووە،هێشتا وا دەزانم کە هیچم بۆ کورد نەکردووە.

نیشتمان خۆشەویستە زۆر لەوە زیاتری دەوێ،لە پێناو سەربەخۆیی و پچڕاندنی کەلەپچەی دیلێتی‌دا دەبێ خوێن بڕێژرێ. دەبێ کوڕەکانمان بە قەربانی کوردستان بکەین تا شەرمەزاری مێژوو نەبین .

من وەك دایکی شەهیدێك هەمیشە شانازی بە گیانی کوڕە شەهیدەکەمەوە دەکەم. هیوای شادبوونی گەلەکەمان بە مافەمانی دەخوازم، هەرجارێك کە سەیری ئالا جوانەکەی کوردستان دەکەم، دڵم ئارام دەبێت و لەگەڵ شەکانەوەی ئەو ئالایەدا سوورەتی مستەفای کوڕم لەوبەرزیەوە دەبینم کە بەرووی ئاسۆوە پێدەکەنێت .

هاوڵاتی (دڵشاد فەقێ قادر) برای شەهید (خالید فەقێ قادر) :

دەیان ساڵە گەلەکەمان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی و شکۆمەندی نەتەوەییدا خەبات دەکات و،لەو رێگایەشدا تا ئێستا هەزاران لاوی وەك خالیدی برام بوونە قۆچی قوربانی،دوای ئەو هەموو شۆڕش و قوربانیدانە،دوای ئەو هەموو کارەسات و وێرانکاریەی بەسەر گەلەکەمان داهات،هێتا نەتەوە شۆڤێنی و رەگەزپەرستەکان فیدراڵیمان پێ رەوا نابینن کە پێموایە سەرەتاییترین مافی میللەتێکی چەوساوەی وەك میللەتی ئێمەیە .لە بادی راپەڕینە مەزنەکەی ئازاری(١٩٩١) دا هیوای ئەوە دەخوازم کە سەرکردەکانمان هاودەنگ و هاو هەڵوێست بن لە دیاریکردنی چارەنووس و پاشەڕۆژی گەلەکەیانداو،هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەو پیلانە ئیقلیمی و جیهانیانەدا بکەن کە بۆ لەباربردنی ئەزموونی چەند ساڵەمان دادەڕێژرێ.

هاوڵاتی(هەمین رەسوڵ ئیبراهیم) خێزانی شەهید(حاجی ئیبراهیم شاوری):

بۆ ئەوەی گیانی حاجی هاوسەرم ئاسوودەو شاد بێت،بۆ ئەوەی حاجی بەبێ خەمی چاوەکانی لێکبنێ و لەو خەوە شیرینە رانەچڵەکێ،توخوا بە سەرکردەکانمان بڵێن: بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی بەلاوە

شەهید رزگار

شەهید عەزیز


شەهید حاجی برایم

شەهید مستەفا